www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:25 2-8-2007

**دەیانەوێت رەش و سپیمان لی تێکەڵ بکەن! (وەڵامێک بە عادل قەرەداغی و جەمال عبدلله) ... لانه علی پیرداود**

لە دوایی پێشکەش کردنی پرۆگرامێکی (رەش و سپی) لە تەلەڤزیونی زاگرۆس ئیتر هیچ مەجالێکی تیا نەماوە دەبێت و پێویستە سایتەکانی ئەنتەرنێت قەڵەمەکانیان زبرتر بکەن، رەخنەکانیان قوڵتر بکەن و نوسەران و رۆشنبیرانیش چاو کراوەتر و ئازایانە تر پەردە لەسەر گەندەڵی و بەد ئەخلاقی و دزی و راووروت و جەردەیەکانی بەرپرس و چەلاو خۆرەکانی لە بابەت عادل قەرەداغی و جەمال عبدلله لابدەین و پەلە بکەین بۆ دەرخستنی کەسایەتی راستەقینەی خۆیان و کار و کردەوەکانیان.

ئیمە باش دەزانین ئەو بەرێزانە و سەدان بەرپسی تری ئەو وڵاتە لەوە نیگەران و تورەن کە پەردە لەسەر گەندەڵیەکانیان لا دەدرێت و لە سایتەکان کەسایەتی راستەقینەی ئەو کەسانە پیشان دەدرێت باس دەکرێت، ئاخر عادلێك کە دەرچووی پۆلی شەشی سەرەتایی و بە واستە و واستە کاری دەیەوێت کەلوریوس بخوێنی چۆن لە ئاشکرا کردن و بوونی تروسکایەکی ئازادی و شەفافیەت نەترسی؟!ئاخر عادلێك کە ئەلف و بیی رۆژنامەگەری نازانی و بە ناوی رۆژنامەنوسی سەیارە و زەوی وەردەگری و ماستاو بۆ بەرپرسەکان دەکات چۆن تای لی نەیەت کە کەناڵێك هەیە کە خۆی و بەرپرسەکانی دەستیان پێناگات و بی سڵ کردنەوە پەردە لەسەر تارماییەکان لادەبات، ئاخر جەمال عبدللیەك کە کەس نازانی چییی و وەکو گوڵە بەرۆژە دەسورێت و لە زۆرترین ناز و نیعمەت و امکانیات سود مەندە و بە خۆی بە دەمانچە شرەکەشی چاو لە خەڵك سور دەکاتەوە و رابردوویەکی هەیە پریەتی لە مێژوو رەشی، ئیستا چۆن لەوە نەترسی کە کۆمەڵێك گەنج دەرکەوتون کە سنورەکان ناناسن و تەنها و تەنها راستی و حەقیقەت دەناسن و هەموو ئەو شتانەی جەمال بە پیرۆزی دادەنی و کردوویەتی بە دیوارێك و دەیەوێت خۆی تیادا حەشار بدات لای ئەو گەنجانە پیرۆز نیه.

من سەیرم بە عادل و جەمال و هەموو هاو بیرانیان دێت بۆ ئەوەندە پەشۆکاون و لە قەڵەمی ئازا و بوێرەکان ترساون و دەترسن، مادامەکی ئەوان باسی خزمەت کردن و راستگۆیی و دەست پاکی و دڵسۆزی دەکەن، چ پێویست دەکات بە هانە بۆ خۆیان داتاشن، بەڵام کێشەکە ئەوە نیە بەڵکە ئەوان خۆیان خەریکی سات و سەداو گەندەڵکاری و کاری ناپاساین و لەلایەکی تریش لە هەموو بەهایەکی زانستی و رۆشنبیری خاڵین و ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، ناچارن بەرامبەرەکانیان تاوانبار بکەن، رێك وەکو پیاوانی بەعسی پێشتر.

لەلایەکی تر ئەو بەرێزانە باسی بەڵگە و دیکۆمێنت دەکەن لە نوسەران و رۆشنبیران، بەزیم بە حاڵی ئەو پیاوانەی دەسەڵات دێتەوە کە هەموو بەهانەکانیان بۆ داپۆشینی پۆخڵەواتەکانیا ناتوانی بروا بە لای گەنجێك دورست بکات، ئاخر لە وڵاتێکدا کە سەراپایی بەرپرسەکان وەکو عادل قەرەداغی و جەمال عبدلله خەریکی دزی و گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی وڵات و یاری کردن بە هەست و شعوری خەڵك و رابواردن بن و یاساو دەستورێك نەبێت دیفاعم لێبکات بەدبەختێکی وەکو من چۆن زانیاری و بەڵگەی لەسەر ئەوانە دەست کەوێت.

من لەو بەرێزانە دەپرسم بۆچی منێك کە زیاتر لە 10ساڵە دوو جۆرە کار دەکەم نانی زیادەی هەفتەیەکم نیە، بەڵام عادل و جەمال لە کۆشك و ڤێلاکاندا شەو ورۆژ دەکەنەوە و باشترین سەیارە لێدەخورن و لە هەموو وەسائیلەکانی ژیان بە هرەمەندن و بەرزترین بروانامەیان بۆ دورست کردوون، ئەگەر ئەوە دزی و گەندەڵی نەبێت ئەی ناوی چی لێبنێین؟!ئیمە باسی ئەو شتانە دەکەین بۆیە ئەو زاتانە لێمان هاتونەتە دەنگ و دەیانەوێت وەکو هەموو دەنگەکانی تر و وەسائلەکانی تر خەفەمان بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:25 2-8-2007

عادل و جەمال ئەرکێکی تریان پی سپێردراوە و دەیانەوێت شتەکان تێکەڵی یەکتر بکەن، دەیانەوێت ڕەش و سپی تێکەڵی یەکتر بکەن و ڕاستیەکان لە خەڵك وون بکەن، دەیانەوێت بە خەڵکی کوردستان بڵێن ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان گەندەڵی و دزی و بەد ئەخلاقیەکانی فلانە سەرکردە و بەرپرس و ئێمەمانان ئاشکرا بووە ئەوە ڕاست نیە و تەشهیر و ناو زڕاندنە، بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هۆشیار ترن کە جەمال و عادل بۆی دەچن، نازانن کە خۆیان لەناو هاوکێشەیەکی زۆر ناسبرندان و لەبەرچاوی خەڵك چەندە بێرێزن و خەڵك بە چاوی دوژمن سەیریان دەکات. بۆیە جارێکی تریش ئەو بەرێزانە و تەواوە هاوبیریان دڵنیا دەکەینەوە بەردەوام دەبین لەسەر دەرخستنی کارە نەشیاو و نابەجێکانتان کە دەتانەوێت ئەو وڵاتە وێرانتر و داروخاو تر بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.